زلەنسکی هاوار بە جیهان دەکات: ئامەری جەنگی ڕووسیا ڕا بگرن

ڤۆلۆدمیر زلەنسکی سەرۆکی ئۆکرانیا ئەمڕۆ یەکشەممە داوای فشاری نێودەوڵەتی کرد، بۆ ڕاگرتنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ڕایگەیاند، لە ماوەی هەفتەیەکدا لەڕێگەی هەزار و 100 بۆمبی گلایدەوە هێرش کراوەتەسەر وڵاتەکەی.

ڤۆلۆدمیر زلەنسکی لەپەیامێکدا رایگەیاند، "ڕووسیا هەفتەی ڕابردو بە بەکارهێنانی 114 موشەك و زیاتر لە 1270 فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و نزیکەی 1100 بۆمبی گلاید هێرشێکی دەستپێکرد".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ڤلادیمێر پوتن سەرۆکی ڕووسیا ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر بۆیاریدا بەردەوام بێت لە شەڕکردن، بە پشتگوێخستنی بانگەوازەکانی ئاشتی لە سەرانسەری جیهان". ڤۆلۆدمیر زلەنسکی دەشێت، "پێویستە بەرگری ئاسمانی ئۆکرانیا بەهێز بکرێت، هەروەها ئامادەیە سیستەمی بەرگری ئاسمانی ئەمریکا بکڕێت"، داوای "فشاری نێودەوڵەتی زیاتر لەسەر سەرۆکی ڕووسیا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە" کرد.